www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 11:16 14-10-2006

## سەنتەری گەنجانی رانیە ... نهێنی كۆبوونەوە و دارایەكانی سەنتەری دەباتە دەرەوە

Ranyaganjan@yahoo. com



تا دوور لە بیر و بۆچوونەكانی گەنجان و لە ژووری كۆبوونەوەكاندا بڕیار لەسەر چالاكیەكانی نەدات و گەنجان دوورە پەرێز نەخات لەوەی چیان دەوێت و چییان پێویستە و وەك رچە شكاندنێك لە ژیانی چالاكی رێكخراوەییدا، بۆ ئەوەی لەناو كۆبوونەوەكانی ستافدا باس دەكرێت، نهێنی نەبێت، سەنتەری چالاكی گەنجانی رانیە بڕیاریدا لەمەودوا مانگانە لەگەڵ گەنجانی رانیەدا كۆ ببێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش رۆژی هەینی رێكەوتی 2006/10/6 كاتژمێر 4 ئێوارە لە باخچەی سەنتەر لە ژێر ناوی (سەنتەرێك بۆ هەموان مالێكی چالاك بۆ گەنجان) هەڵسا بە سازدانی مێزگردێكی كراوە بۆ گەنجانی شاری رانیە بە بەشداربوانی سەرجەم خول و بەشەكانی سەنتەر بەمەبەستی رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن، پێشنیار و پلانی نویی چالاكیەكان، باس كردنی دارایی سەنتەر لە ساڵی 2006 خوێندنەوەی چالاكیەكان، بۆ ئەو مەبەستە و لە سەرەتای مێزگردەكە (صدیق عەلی) كارگێری سەنتەر مێزگردەكەی كردەوە و دواتر بە ووردی دارایی سەنتەری خوێندەوە و باسی لە سیستەمی پرۆپۆزەل كرد كە بە گوێرەی چالاكیەكان دوا دەكرێت، هەروەها دوای لە گەنجەكان كرد كە هەر تێبینی و سەرنجێكیان هەبێت بیخەنە روو، پاشان (خالید قادر) بەرێوەبەری سەنتەر باسی لە كارو چالاكیەكانی ساڵی 2006 كرد كە توانراوە خەرمانێك لە كارو چالاكی ئەنجام بدرێت، هەروەها بەرنامە و ئامانجەكانی سەنتەری خستە روو كە پرۆژەیەكی بێلایەنە و ئامانج تێیدا گەشە پێدانە بە توانا و خولیای گەنجان بە بی جیاوازی و تەكیدی لەسەر رەخنە و پێشنیاری گەنجەكان كردەوە بۆ زیاتر گەشە پێدانی سەنتەر دواتر گەنجەكان رەخنەو پێشنیارەكانی خۆیان خستە روو كە تێدا وێرای دەست خۆشی لە كارو چالاكیەكان چەندین پێشنیار و پلانی نویی چالاكیان خستە روو، لەسەر شێوازی بەرێوە چوونی بەشەكانی سەنتەر ڕاو بۆچونێكی زۆر ئاڵوگۆر كرا و تێدا بەشداربوان بە هەستیاریەوە دەست نیشانی كێشە و كەم و كوریەكانیان كرد و پلان و چارەسەریان بۆ خستە روو. ئەنجامی ئەم مێزگردەش پلانێكی تازەی سەنتەری لێدەكەوێتەوە كە بریارە لە ئایندەیەكی نیزیكدا بگیرێتە بەر

### كارو چالاكیەكانی ساڵی 2006 سەنتەری گەنجانی رانیە

1- ئەنجام دانی 26 كۆری رۆشنبیری (هونەری، زانستی، پەروەردەیی، سیاسی، ئەدەبی، رۆشنبیری)
2- دوو پێشانگای شێوەكاری بۆ گەنجانی بەشی شێوەكاری لە رانیە و قەڵادزی

3- پیَشانگای کاریکاتێر بۆ هونەرمەند کاکە عەبە لە هوڵی کتێبخانەی گشتی
4- پێشانگایەکی فۆتۆگراف بۆ هونەرمەندی جیهانی ئان یارسەس لە هوڵی کتێبخانەی گشتی
5- سازدانی گەشتێکی بەهاری بۆ سەیرانگای دوکان
6- کردنەوەی بەشی گرافیك
7- نمایش کردنی شانۆگەری (وولاتی خەوتوەکان) 2 جار لە رانیە و قەلادزێ
8- سازدانی ئاهەنگێکی گۆرانی و مۆزیك لە شارۆچکەی سەرکەپکان
9- ۆرك شۆپی گوندەکان گوندی بۆسکین
10-هەڵمەتی پاك کردنەوەی شار
11-گەشتی بەشی شێوەکاری بۆ ناوچەی (دۆڵی) بەمەبەستی کاری هونەری و تێکەڵ بوون لەگەڵ سروشت
12-کردنەوەی 9 خولی کۆمپیوتەر، 2 خولی زمانی ئینگلیزی، یەك خولی دروومان، یەك خولی فێربوونی زمانی فارسی، 6 خولی مۆزیك و شێوەکاری، 2 خولی گرافیك، یەك خولی ناوبژیوانی وەرزشی، یەك خولی فێربوونی ئینتەرنێت بۆ کچان
13-پەخش کردنی سەرجەم یاریەکانی مۆندیال
14-پاڵەوانیەتیەکی وەرزشی یاریگای بچوك بۆ تیپە وەرزشیەکانی ناو شاری رانیە لە یاریگای کازیوە
15-چەندین یاری وەرزشی تۆپی پێی و دۆستانە و بەشداری کردن لە پاڵەوانیەتی وەرزشی تۆپی پی
16-بە بەشداری 420 گەنج کردنەوەی چەندین خول (دروومان، کۆمپیوتەر، مۆزیك، رۆشنبیر گشتی، ئارایشت، خولی ئینگلیزی) بۆ ماوەی یەك مانگ لە شاری قەلادزی و سازدانی ئاهەنگ کۆتایی و پێشبرکێی رۆشنبیری
17-کۆمەکی مندالاّنی ژێر خێوەت نشینی (رانیە _چوارقورنە) و دابین کردنی دەرمان و چارەسەری منداڵە نەخۆشەکانی ژێر خێوەتەکان. هاوکاریەکانی تیمی فریاگوزاری کۆمەڵایەتی بۆ دابین کردنی پاسکیلێکی کەم ئەندامان و چارەسەری گرفتی کۆمەڵایەتی 4 گەنج
18-چالاکی رۆژانەی بەشەکانی (کارگێری، کتێبخانە، ئینتەرنێت، مۆزیك، شێوەکاری، پەخش)
19-هاوکاری کردنی رێکخراوەکان بۆ چالاکی و پێدانی کەلوپەل
20-هاوکاری کردنی رێکخراوی راسان و رێکخراوی ئاسودە وبۆ چالاکی هونەری و رۆشنبیری
21-کردنەوەی خولی مۆزیك لە قەلادزی